# ساتێك لەگەڵ ویردەكانی
# بەیانیان و ئێواراندا

ئامادەكردنی

**هیوا زیرەك**

-----------------------------------


لەبڵاوكراوەكانی

**ماڵپەڕی بەهەشت**

**www.ba8.org**

islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378

عێراق - كوردستان - كەلار

هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

كتێبی ژمارە ﴿٤٦﴾

## پێشەكی

### بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

إن الحمد لله نحمده و نستعينه و نستغفره ، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا و من سيئات أعمالنا ، من يهده الله فلا مضل له ، و من يضلل فلا هادي له ، و أشهد أن لا إله إلا الله ، و أن محمداً عبده و رسوله ...

أما بعد : فإن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاها وكل محدثة بدعة وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار ...

والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم أجمعين ...

**بەڕاستی زۆربەی مرۆڤەكان لەم دونیایەدا زۆر كەم تەرخەمن و بێكارن و هیچ توێشوویەك ئامادە ناكەن بۆ ڕۆژی دوایی . بۆیە لەڕۆژی دواییدا هەر پەنجە دەگەزن و هەر پەشیمانن لەو كاتانەی كە بەفیڕۆ ڕۆژانەو شەوانە لەدەستیان چووە چونكە كردەوەیەك یاخود ویردێك ( زیكرێك ) ی خودای گەورەیان تێدا نەخوێندووەتەوە شایەنی دڵ خۆشی بێت لە ڕۆژی دواییدا . هەر بۆیە سەرەتا بەخۆم و دواتر بە ئێوە دەڵێم : ئەی براو خوشكانی ئیماندار بائەوەندە كاتەكانمان بەفیڕۆ نەڕوات یاخود كاتێكمان بەسەردا تێپەڕ نەبێ ئیللا هیچ نەبێت ویردێكمان تیایدا خوێندبێتەوە و بەئەنجامیمان گەیاندبێت. هەروەكو خوای گەورە دەفەرموێت :** ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا * وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا﴾ ( ٤١-٤٢ ) سورة الأحزاب ) **، واتە : ئەی ئەو كەسانەی كەئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر زۆر یادی خوا بكەن ( ٤١ ) وەتەسبیحات و ستایشی بكەن ( هەموو كاتێك بەتایبەتی ) لەبەیانیان و ئێواراندا .**

**بەڕاستی یادكردنی خودای گەورە لەهەموو كاتێكدا پێویستە بەڵام بەیانیان و ئێواران كۆمەڵێك ویردی تێدایە هەق نییە موسڵمان لەدەستی خۆی دەربكات . بۆیە بەپشتیوانی خوای گەورە هەوڵ دەدەم ئەوەی لەتوانامدا بێت ئەو ویردانە ( زیكرانە ) ی كە لە بەیانیان و ئێواراندا هەیە لەم نامیلكەیەدا بیخەمە ڕوو .**

**وە بۆ تەفسیر كردن و ڕاڤەكردنی ئایەتە پیرۆزەكان سوودم لە هەندێك تەفسیری كوردی وەرگرتووە .**

**ئامادەكار**

**هیوا زیرەك / كفری**

## پێشكـــەش

- پێشكەشە بە روحی پاكی دایكی كۆچكردووم .
- پێشكەشە بە باوكی بەڕێزو خۆشەویستم .
- پێشكەشە بە هەموو خوشكو براكانم .
- پێشكەشە بە هەموو هاوڕێیانم لەهەر كوێیەك بن بێ جیاوازی .
- پێشكەشە بە هەموو ئەو موسوڵمانانەی كە بەتەنها وشەیەكیش بێت هاوكارییان كردووم .
- پێشكەشە بەو براو خوشكانەی كەدەیانەوێت بەكردەوەكانی دونیایان بەهەشت بۆ خۆیان بكڕن .

## بەشی یەکەم :
## باسی زیکرخوێندن لە قورئانی پیرۆزدا :

بەڕاستی خوای گەورە لەزۆر شوێنی قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بە زیکرکردن کردووەو بەیەکێك لە کارەکانی موسوڵمانانی ئەژماردووە ، سەبارەت بەوەش خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَالذَّاكِرِينَ اللَّهَ كَثِيرًا وَالذَّاكِرَاتِ أَعَدَّ اللَّهُ لَهُم مَّغْفِرَةً وَأَجْرًا عَظِيمًا ﴾ (٣٥ ) سورة الأحزاب) .

واتە : ئەو پیاوو ئافرەتانەی کەزۆر یادی خوا دەکەن بەخشین و لێبوردەیی و پاداشتی زۆر مەزن و بێ سنووریان لەلایەن خوای گەورەوە بۆ ئامادەکراوە.

وە خودای گەورە لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێت : ﴿ فَاذْكُرُونِي أَذْكُرْكُمْ ﴾ (١٥٢) سورة البقـــرة) ، واتە : ئەی ئیمانداران یادی من بکەن منیش یادی ئێوە دەکەم .

وەشێوازی خوێندنی ئەو زیکرانە کە ئیمانداران لەشەو و ڕۆژدا ئەنجامی دەدەن خوای گەورە پێمان دەفەرموێت: ﴿ وَاذْكُر رَّبَّكَ فِي نَفْسِكَ تَضَرُّعاً وَخِيفَةً وَدُونَ الْجَهْرِ مِنَ الْقَوْلِ بِالْغُدُوِّ وَالآصَـــالِ وَلاَ تَكُن مِّنَ الْغَافِلِينَ ﴾ (٢٠٥) سورة الأعراف ) .

واتـە : یـادی پـەروەردگارت لـەدڵ و دەروونـی خۆتـدا بەلاڵانـەوەو ترسـەوە بکـە.بـێ دەنـگ بەرزکردنـەوە ( لـەنێوان چپە و ئاشـکرا ) دا ، لەبـەیانیان و دەمـەو ئێوارانـدا ، لـەبێئاگایان مەبـە ( ئەوانـەی دڵیـان غافڵـە ) بەڕاسـتی خـوای گـەورە پێمـان ڕادەگەیـەنێ کـە ئێمـە لـەکاتی خوێنـدنی ویردەکانمانـدا بـا زۆر دەنـگ بەرزنەکەینـەوە بیکەینـە هـەراو هـاوار و قـاڵ چـونکە ئـەوە شـێوازی خوێندنی ویرد نییە و خوای گەورە ویردێکی پێ ڕاگەیانـدووین کـە زۆر بەهێواشـی و بـەبێ دەنـگ بەرزکردنەوە بیڵێین.

وە لەسورەتێکی دیکـەدا خـوای گـەورە دەفـەرموێت : ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا اللَّهَ ذِكْرًا كَثِيرًا * وَسَبِّحُوهُ بُكْرَةً وَأَصِيلًا ﴾ (٤١-٤٢) سورة الأحزاب)) .

واتە ( ئەی ئەو کەسانەی ئیمان و باوەڕتان هێناوە زۆر زۆر یـادی خـوا بکـەن * وەتەسبیحات و ستایشی بکەن ( هەموو کاتێك بەتایبەتی ) بەیانیان و ئێواران ) .

کەواتە خوای گەورە زیکر بە یەکێك لەکارە پیرۆزەکانی ئیمانداران دەزانێت و کـاتی بـەیانیان و ئێوارانی لا زۆر پیرۆزە بۆیە ئاماژەی پێ دەکات .

## بەشی دووەم :

## باسی ویرد خوێندن لە فەرموودە سەحیحەكانی پێغەمبەر (ﷺ)

پێغەمبەرمان موحەممەد (ﷺ) لە زۆر كاتدا باسی ویرد خوێندن و فەزڵ و پاداشتەكانی بۆ كردووین . بەڵام لێرەدا بەپشتیوانی خوا بە كورتی هەندێكی دەخەمە ڕوو: عن ( أبي موسى الأشعري ) (رضي الله عنه) قال : قال رسول الله (ﷺ): " مثل الذي يذكر ربه والذي لايذكر مثل الحي والميت " [1] واتە لە ( ئەبی موساى ئەشعەرییەوە ) (رضي الله عنه) دەفەرموێت : پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ( كەسێ كە هەردەم خەریكی زیكری خودایە لەگەڵ كەسێكی دیكە كە زیكری خودا ناكات وەكو ( زیندوو مردوو ) وان ، واتە كەسێك زیكری خودا بكات ئەوا دڵی زیندووە بەڵام كەسێك كە هیچ یادی خودا نەكات ئەوا دڵی ئەو كەسە مردووە هەرچەند لەدونیادا مابێت و بژێت.

لە فەرموودەیەكی تردا دەفەرموێت : ( عن أبي هريرة (رضي الله عنه) قال : أن رسول الله (ﷺ) قال : " يقول الله تعالى : أنا عند ظن عبدي بي ، وأنا معه إذا ذكرني ، فإن ذكرني في نفسه ذكرته في نفسي ، وإن ذكرني في مـــلإ ذكرته في ملإ خير منـــهم ) [2] واتە لە (ئەبی هورەیرەوە) (رضي الله عنه) دەفەرموێت : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : خوای گەورە دەفەرموێت : من لەگەڵ گومانی بەندەكەمدام بەمن ، وە من لەگەڵیدام كاتێك یادم دەكات ، ئەگەر لەنەفسیدا یادی كردم ئەوا من لە نەفسی خۆمدا یادی دەكەم ، ئەگەر لەناو كۆمەڵێكدا یادی كردم ئەوا من لەناو كۆمەڵێك یادی دەكەم كە لەو كۆمەڵەی ئەو باشترین " بەڕاستی سەركەوتن بۆ ئەو كەسەیە كە خوای گەورە خۆی باسی بكات و لەناو كۆمەڵی فریشتەكاندا بە كەسی باشە ناوزەندی بكات .

( عن عبدالله بن بسر (رضي الله عنه) أن رجلا قال: يارسول الله(ﷺ) إن شرائع الإسلام قد كثرت علي فأخبرني بشيء أتشبث به قال : ( لايزال لسانك رطبا من ذكرالله)) [٣] .

واتە : لە ( عبدالله ) ی كوری ( بسر )ەوە (رضي الله عنه) پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) بەڕاستی شەریعەتی ئیسلام زۆر بووە بۆیە شتێكم فێر بكە كە هەموو كات خەریكی بم و دەستی پێوە بگرم ، ئەویش فەرمووی: (با هەموو كاتێك زمانت تەڕ و پاراو بێت بە زیكری خوداوە .

---

[11] رواه البخاري.

[2] متفق عليه.

[3] رواه الترمذي(٥ \ ٤٥٨) وإبن ماجه (٢ \ ١٢).

## بەشی سێیەم :
## ویردەكانی بەیانیان و ئێواران:

### ویردی لەخەو هەستان :

عن حذيفة وأبي ذر (رضي الله عنهما) قالا : أن رسول (ﷺ) إذا استيقظ من فراشهِ قال : الحمد للهِ الـــذي أحيانا بعد ما أماتنا وإليهِ النشور )[٤] .

**واتە : لە حوزەیفە و ئەبی زەرەوە ( خوایان لێ ڕازی بێ ) دەگێڕنەوە كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) كاتێك لەخەو هەڵدەستا دەیفەرموو: ( سوپاس و ستایشی تەواو بۆ ئەو خوایەی كەوا زیندووی كردینەوە لەپاش مردنمان و گەڕانەوەش هەر بۆ لای ئەوە ) .**

### ویردەكانی تر :

✍ **خوێندنی ئایەتی كورسی** (بسم الله الرحمن الرحيم) ﴿ اللّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لاَ تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلاَ نَوْمٌ لَّهُ مَا فِي السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَن ذَا الَّذِي يَشْفَعُ عِنْدَهُ إِلاَّ بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلاَ يُحِيطُونَ بِشَيْءٍ مِّنْ عِلْمِهِ إِلاَّ بِمَا شَاء وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ وَلاَ يَؤُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴾ (**٢٥٥**) سورة البقرة) .

**واتە:(بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان) (خوا زاتێكە جگە لەئەو هیچ خوایەكی تر نیە كە شایەنی پەرستن بێت و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری هەموو دروستكراوەكانێتی، نە وەنەوز دەیگرێت و نەخەو چونكە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە، هەرچی لەئاسمانەكان و هەرچی لەزەویدا هەیە هەر ئەو زاتە خاوەنیانە،كێیە ئەوەی دەتوانێت تكا بكات لەلای ئەو بەبێ مۆڵەتی خۆی،دەشزانێت چی لەئێستاو داهاتوو ڕابردوودا ڕوویداوەو ڕوودەدات،هیچ كام لەدروستكراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەكانی ئەو،مەگەر بەوەی كەخۆی بیەوێت فێریان بكات كەفەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەو زاتە هەموو ئاسمانەكان و زەوی گرتۆتەوەو پارێزگارییان بەلای خوداوە هیچ گران نیەو ماندووی ناكات هەر ئەو خودایەكی بەرزو بڵندوو گەورەیە).**

(من قالها حين يصبح أجير من الجن حتى يمسي، ومن قالها حين يمسي أجير منهم حتى يصبح )[٥].

**واتە (هەر كەسێك ئەم ئایەتە لە بەیانیاندا بخوێنێت ئەوا لە جنۆكە دەپارێزرێت تاكو كاتی ئێوارە. وە هەر كەسێك لەئێوارەدا بیخوێنێتەوە ئەوا تاكو بەیانی لە جنۆكە دیسان دەپارێزرێت).**

✍ **(خوێندنی سورەتەكانی** (الإخلاص ـ الفلق ـ الناس).

---

[4] رواة البخاري.

[5] أبو داود (٤ \ ٣٢٢) . والترمذي (٥ \ ٥٦٧).

( بسم الله الرحمن الرحيم) (قل هوالله أحد (١) ألله الصمد(٢) لم يلد ولم يولد(٣) ولم يكن له كفوا أحد(٤))

**واتە(بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان) (ئەی محمد (ﷺ) بە ئیمانداران بڵێ: كەئەو خودایەی كە (الله)یە خودایەكی تاكو تەنهایە، خودا زاتێكی پایەدارو دەسەڵاتدارە، نیازی بەكەس نیەو هەموان ئاتاجی ئەون،هیچ كەسی لێ نەبووەو خۆیشی لەكەس نەبووە،هەرگیز هاوتاو هاوشێوەو دەسەڵاتدارێكی ترنیە كەلەبەرامبەریەوە بوەستێتو هاوشێوەی بێت).**

(بسم الله الرحمن الرحيم) (قل أعوذ برب الفلق (١) من شر ما خلق (٢) ومن شر غاسق إذا وقب (٣)ومن شر النفاثات في العقد (٤) ومن شر حاسد إذا حسد(٥)).

**واتە (بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبانەوە) ( بڵێ : پەنا دەگرم بەو پەروەردگارەی كەبەرەبەیان پێش دەهێنێت، لەشەڕو خراپەی هەرچی كەدروستی كردووە،لەشەڕو خراپی شەو كاتێك كەدادێتو دونیا تاریك دەبێتو دەبێتە شەوە زەنگ . واتە : ئەوەی كە لە شەودا ڕوودەدات . ،لەشەڕو خراپەی ئەو كەسانەی كەجادوو دەكەنو پەتوو دەزوو گرێ دەدەنو فووی پیادەكەن،لەشەڕو خراپەی حەسوودو بەخیل كاتێك كەحەسوودیو بەخیلی دەبات).**

(بسم الله الرحمن الرحيم) (قل أعوذ برب الناس (١) ملك الناس (٢) إله الناس (٣) من شر الوسواس الخناس (٤) الذي يوسوس في صدور الناس (٥) من الجنة والناس(٦)) .

**واتە (بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان) ( بڵێ : پەنا دەگرم بەپەروەردگاری خەڵكی، بەپادشای خەڵكی، بەپەرستراوی خەڵكی لەشەڕو خراپەی ئەوەی كەوەسوەسەو خەتەرەو خەیاڵ دەخاتە دڵەوە، كە (خەنناسە) بریتییە لەوەی كەوەسوەسە فڕێ دەداتە سینەو دڵو دەروونی خەڵكییەوە،لەپەریو خەڵكی،لەجنۆكەو ئادەمیزادی شەیتان سیفەت).**

(من قالها ثلاث مرات حين يصبح وحين يمسي كفته من كل شيء.)[6] **واتە (هەر كەسێك بەیانیان و ئێواران سێ (٣) جار ئەمە بڵێت ئەوا لە هەموو شتێك ڕزگاری دەبێت) .**

✍ (أصبحنا وأصبح الملك لله والحمد لله ، لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ، رب أسألك خير مافي هذا اليوم وخير ما بعده وأعوذ بك من شر ما في هذا اليوم وشر ما بعده ، رب أعوذ بك من الكسل وسوء الكبر، رب أعوذ بك من عذاب في النار وعذاب في القبر)[7].

**واتە (ڕۆژمان كردەوە وە موڵكیش بەردەوام بۆ خوای گەورەیە و سوپاس بۆ خودا . كە هیچ خودایەك نیە جگە لە (الله) وە خوداش تەنهایەو هیچ هاوەڵێكی نیە. موڵك و سامان و سوپاس هەر بۆ ئەوەو هەر ئەویش بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایە، پەروەردگارمان داوای چاكەكانی ئەمڕۆت لێ دەكەم وە چاكەكانی دوای ئەمڕۆش ، وە پەنات پێ دەگرم لە خراپەكانی ئەمڕۆ وە**

[66] أخرجة الحاكم (١ \ ٥٦٢)..وصححة الألباني في صحيح الترغيب والترهيب (١ \٢٧٣).

[7] مسلم (٤ \٢٠٨٨).

**خراپەكانی دوای ئەمڕۆش ، خودایە پەنات پێ دەگرم لەتەمبەڵی و تەوەزەلی وە خراپەی پیری ، خودایە پەنات پێ دەگرم لە سزای ئاگرو لە سزای ناو گۆڕ.)**

**وە بۆ ئێواران بەم شێوەیە زیكرەكە دەوترێت** "(أمسينا وأمس الملك لله ، والحمد لله لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ، رب أسألك خير مافي هذا اليل وخير ما بعدها وأعوذ بك من شر ما في هذا اليل و شر مابعدها ، رب أعوذ بك من الكسل وسوء الكبر ، وأعوذ بك من عذاب في النار وعذاب في القبر).

✍ ( أللهم بك أصبحنا ، وبك أمسينا ، وبك نحيا ، وبك نموت ، وإليك النشور )[8] .

**واتە ( خودایە بەناوی تۆوەوە ڕۆژمان بەسەردا هات ، وە ئێوارەمان بەسەردا هات و بە ناوی تۆوە دەژین و دەمرین وە زیندوبونەوە و گەڕانەوەش بۆلای تۆیە).**

**وە بۆ كاتی ئێواران بەم شێوەیە دەوترێت** (اللهم بك أمسينا ، وبك أصبحنا ، وبك نحيا وبك نموت ، وإليك النشور ).

✍ (اللهم أنت ربي، لا إله إلا أنت ، خلقتني وأنا عبدك ، وأنا على عهدك ووعدك ما استطعت، أعوذ بك من شر ماصنعت ، أبوء لك بنعمتك علي ، وأبوء بذنبي ، فاغفرلي فإنه لا يغفر الذنوب إلا أنت.)

**واتە ( خودایە تۆ پەروەردگاری منی ، هیچ خودایەك نیە جگە لەتۆ ، دروستت كردوم و من بەندەی تۆم ، من لەسەر پەیمان و بەڵێنەكەمم كە پێم داوی بەپێی توانا ، پەنات پێ دەگرم لەخراپەی ئەوەی كە ئەنجامم داوە ، دان دەنێم بەو نیعمەتانەی پێت بەخشیوم و بەگوناهەكانیشمدا ، بۆیە لێم خۆش ببە كەس لە تاوان خۆش نابێ جگە لە تۆ ) .**

(من قالها موقنا بها حين يمسي فمات من ليلته دخل الجنة ، وكذلك إذا أصبح )[9] .

**واتە (هەركەسێ ئێوارە بەیەقینەوە بیڵێ و ئەو شەو بمرێ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە ، وەهەركەسێ بەیانی بەیەقینەوە بیڵێ و ئەو ڕۆژە بمرێ ئەوا دەچێتە بەهەشتەوە).**

✍ ( اللهم عافني في بدني ، اللهم عافني في سمعي ، اللهم عافني في بصري ، لا إله إلا أنت ، اللهم اني أعوذ بك من الكفر ، والفقر ، وأعوذ بك من عذاب القبر ، لا إله إلا أنت )[10]. ( ٣ مرات ).

**واتە ( خودایە لاشەم و بیستنم و بینینم بپارێزە ، هیچ خودایەك نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ ، خودایە من پەنات پێ دەگرم لە بێباوەڕی و هەژاری و سزای ناو گۆڕ ، بێگومان هیچ خودایەك نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە تۆ ) . ( ٣ جار ) .**

---

8 الترمذي (٥ \ ٤٦٦).

9 أخرجه البخاري (٧ \ ١٥٠).

10 أبو داود (٤ \ ٣٢٤) . وأحمد (٥ \ ٤٢).والنسائي في الأدب اليوم والليلة برقم (٢٢) ، و حسنه العلامة الألباني في صحيح الأدب المفرد برقم : ٥٤٢ : و في صحيح سنن أبي داود وقال : حسن الإسناد .

✍ (اللهم إني أسألك العفو والعافية في الدنيا ولأخرة، اللهم إني أسألك العفوا والعافية في ديــني ودنيــاي وأهلي ومالي ، اللهم استر عوراتي ، وأمن روعاتي ، اللهم أحفظني من بين يدي ، ومن خلفي ، وعن يميني ، وعن شمالي ، ومن فوقي ، وأعوذ بعظمتك أن أغتال من تحتي )[11]. ( ١مرات ) .

**واتە ( خودایە من داوای لێخۆشبوون و لەش ساغیت لێ دەكەم لە دونیا و دواڕۆژدا ، خودایە داوای لێخۆشبوون و لەش ساغیت لێ دەكەم لە دین و دونیا و بنەماڵە وسەروەت و سامانمدا ، خودایە عەیبەكانم بشارەوە ، ترس و دڵە ڕاوكێم لە سەر لابدە ، خودایە بمپارێزە لە پێشمەوە و لەپاشمەوە ، وەلای ڕاستو چەپمەوە وەلەسەرەوەشم وە پەنات پێ دەگرم بەگەورەیی خۆت كەلە ژێرەوە سزا بدرێم یان پێ بكرێم ) .**

✍ (اللهم عالم الغيب والشهادة فاطر السموات والأرض ، رب كل شيء ومليكه ، أشهد أن لا إله إلا أنت ، أعوذ بك من شر نفسي ، ومن شر الشيطان وشِــــــرْكِهِ ، وأن أقترف على نفــسي ســوءا أو أجــره إلى مسلم )[12].

**واتــە ( خودایــە زانــای نهـێنی و ئاشـكرای بەدیهێنــەری ئاسمانــەكان و زەوی پــەروەردگار و پادشای هەموو شتێك ، شایەتی دەدەم كە هیچ پەرستراوێك نیە جگە لەتۆ ، پەنات پێ دەگرم لەخراپـەی دەروونم ، وەخراپـەی شـەیتان و هاوبەشـی دانـانی ( یـان لـەوەی كـە بكەومـە تـۆڕی شەیتانەوە ) ، وەلەوەی دەروونم تووشی خراپەیەك بكەم وە بیئاڵێنم بە موسوڵمانێكەوە ) .**

✍ ( بسم الله الذي لا يضر مع اسمه شيء في الأرض ولا في السماء وهو السميع العليم )[13]( ٣مرات ) .

**واتە ( بەناوی ئەو خوایەی كەهیچ شتێك زیان ناگەیەنێ نە لە زەوی و نە لەئاسماندا لە گەڵ هێنانی ناوی ئەوەوە وە ئەو بیسەرو زانایە ) ( ٣ جار ) .**

✍ (يا حي ياقيوم برحمتك أستغيث أصلح لي شأني كله ولا تكلني إلى نفسي طرفة عين)[14].( ١مرة )

**واتە ( ئەی هەمیشە زیندو و ڕاگرو هەڵسوڕێنەری بوونەوەر ، بەبەزەییت داوای ڕەحمەتت لێ دەكەم ،هەموو كاروبارم چاك بكەو بۆ چاو تروكاندنێك مەمدەرە دەستی نەفسی خۆم). (١جار) .**

✍ (أصبحنا على فطرة الإسلام وعلى كلمة الإخلاص ، ودين نبينا محمد (صلى الله عليه وسلم) ، وعلــى ملة أبينا إبراهيم حنيفا مسلما وما كان من المشركين)[15].( ١ مرة )

---

11 رواه أبو داود و ابن ماجه .وانظر صحيح ابن ماجه (٢ \ ٣٢٢) للعلامة الألباني برقم : ٣١٨١ .

12 الترمذي وأبو داود .انظر صحيح الترمذي (٣ \ ١٤٢) للعلامة الألباني .

13 أخرجه أبو داود (٤ \ ٣٢٣).والترمذي (٥ \ ٤٦٥).وإبن ماجه وأحمد.

14 الحاكم وصححه ووافقه الذهبي (١ \ ٥٤٥).

15 أحمد (٣ \ ٤٠٦ و ٤٠٧) وصححه العلامة الألباني في السلسلة الصحيحة ، برقم : ٢٩٨٩ .

**واتــه : ( ڕۆژمــان كــردەوه لەســەر فیترەتــی پــاك و بێگــەردی ئیــسلامو پــەیمانی دڵــسۆزیو ئەمەكداریو ئاینی محمدی پێغەمبەرمان (ﷺ) لەسەر میللەتی باوكمان(ابراهیم) كه لای دابوو له هاوەڵبڕیاردانەوه بۆ هەق و موسڵمان بوو و له هاوەڵ دانەران نەبوو ) . ( ١ جار ) .**

✍ ( سبحان الله وبحمده ) .( ١٠٠مرة ). واته (پاكیو بێ گەردی و سوپاس بۆ خوای گەوره)(١٠٠ جار).

(من قالها مائة مرة حين يصبح وحين يمسي لم يأت أحد يوم القيامة بأفضل مما جاء به إلا أحد قال مثل ماقال أو زاد عليه)[16]. **واته ( هەركەسێك (١٠٠) جار لەكاتی بەیانیانو لەكاتی ئێواراندا بیڵێ هیچ كەسێك لەڕۆژی دواییدا نایەت لەم چاكتری پێبێت تەنها كەسێك نەبێت ئەوەندەی ئەمی وتبێت یان زیاتر).**

✍ (لا إله إلا الله ، وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قـدير) (١٠٠مـرة إذا أصبح ) .

**واته ( هیچ خودایەك نییه شایەنی پەرستن بێت جگه له ( الله ) ، تەنهایه و بێ شەریكه ، موڵك و سوپاس هەر بۆ ئەوه و بەسەر هەموو شتێكدا بەتوانایه ) . ( ١٠٠ جار لەكاتی بەیانیان دا ) .**

(من قالها مائة مرة في يوم كانت له عدل عشر الرقاب ،وكتب له مائة حسنة، ومحيت عنه مائة سيئة، وكانت لـه حرزا من الشيطان يومه ذلك حتى يمسي ، ولم يأت أحد بأفضل مما جاء به إلا أحد عمل أكثر من ذلك )[17] .

**واته ( هەركەسێك ( ١٠٠ ) جار بیڵێ لەڕۆژێكدا ئەوا وەكو ئەوه وایه كه ( ١٠ ) كۆیلەی ئازاد كردبێ و ( ١٠٠ ) چاكەی بۆ دەنوسرێ و ( ١٠٠ ) خراپەی بۆ دەسڕێتەوه و وه ئەو ڕۆژەش له شەیتان دەپارێزرێ تاكو ئێواره ، وه هیچ كەسێك لەو ڕۆژەدا لەو باشتری ئەنجام نەداوه مەگەر كەسێك له ئەم زیاتری وتبێ ) .**

✍ ( سبحان الله وبحمده ، عدد خلقه ، ورضا نفسه ، وزنة عرشه ومداد كلماته )[18] . ( ٣ مرات إذا أصبح ) .

**واتــه ( پــاكیو بــێ گــەردی و ســوپاس بــۆ خــوای گــەوره و میهرەبــان ، بەئەنــدازەی ژمــارەی دروستكراوەكانی و ڕەزای خۆی و قورسایی و سەنگینی عەرشەكەی و زۆری و درێژی وشەكانی ) ( ٣ جار لەكاتی بەیانیاندا ) .**

✍ (اللهم إني أسألك علما نافعا ، ورزقا طيبا ، وعملا متقبلا )[19].(إذا أصـبح ).**واتـه : ( خودایـه داوای زانستێكی سوود بەخش و ڕزقێكی پاك و كارێكی وەرگیراوت لێ دەكەم ) ( لەكاتی بەیانیاندا )**

---

16 رواه مسلم (٤ \ ٢٠٧١).

17 البخاري (٤ \ ٩٥).ومسلم (٤ \ ٢٠٧١).

18 مسلم (٤ \ ٢٠٩٠).

19 أخرجه ابن السني برقم ( ٥٤ ) . و صححه العلامة الألباني في صحيح سنن ابن ماجه برقم ( ٩٢٥ ) .

✍ (أستغفرالله وأتوب إليـــه)(١٠٠ مـــرة في اليـــوم)[٢٠]. **واتـه (خوایـه لـێم خـۆش ببـەو تەوبـەم لـێ وەرگرە).(١٠٠ جار لە ڕۆژێکدا).**

✍ (أعوذ بكلمات الله التامات من شر ماخلق)٢١.(ثلاث مرات إذا أمسى).

**واتە : ( پەنا دەگرم بە وشە تەواوەکانی خوای گەورە . کە ئەو تـەواوی ڕاسـتی و دادپـەروەرین . لە خراپەی دروست کراوەکان ) ( ٣ جار کاتی ئێواران ) .**

✍ ( اللهم صلي على سيدنا محمد وعلى آل وصحبه أجمعين )( ١٠ مرات ) .

**عن أبي الدرداء (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : (من صلى علي حين يصبح عشرا وحين يمـــسي عـــشرا أدركته شفاعتي يوم القيامة )** [٢٢] .

**واتە : ( لە ئەبی دەردائەوە (ﷺ) فەرمووی : پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : (هەرکەسێك کاتی بەیانی بەسەردا دێت (١٠) جار سەڵاواتم لەسەر بدات و کاتێك ئێواران دێت (١٠)جار سەڵاواتم لەسەر بدات ئەوا شەفاعەتی منی بەردەکەوێ لەڕۆژی دوایی دا).**

---

20 البخاري مع الفتح (١١ \ ١٠١) ، ومسلم (٤ \ ٢٠٧٥).

21 أخرجه أحمد (٢ \ ٢٩٠). وصحيح إبن ماجه (٢ \ ٢٦٦).وصحيح الترمذي (٣ \ ١٨٧).

22 أخرجه الطبراني ، والهيثمي في مجمع الزوائد (١٠ \ ١٢٠) وحسنه العلامة الألباني في : صحيح الجامع الصغير ، برقم : ٦٣٥٧ .

# سوودەكانی زیكر

١ . بەدەست هێنانی یادی خوا بۆ ئەو كەسانەی كە یادی دەكەن .

٢ . ڕوخسار و دڵ ڕۆشن دەكاتەوە .

٣ . دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە .

٤ . شەیتان دوور دەخاتەوەو فێڵ‌و تەڵەكەكانی پوچەڵ دەكاتەوە .

٥ . خەم‌و خەفەت لەدڵدا ناهێڵێ‌و دڵ تەنگی‌و غەم‌و پەژارە دەڕەوێنێتەوە .

٦ . دڵ خۆشنوود و ئاسوودە دەكات و دڵڕەقی ڕادەماڵێت .

٧ . دەبێتە هۆی بەدەست هێنانی ڕزق و ڕۆزی .

٨ . زیكر زیندوویەتی بەدڵ ئەبەخشێ و بەئاگای دەهێنێتەوە و لەخەو و خەیاڵات ڕایدەپەڕێنێت .

٩ . دابڕان لەنێوان پەروەردگار و بەندەكەیدا ناهێڵێ .

١٠ . گوناهەكان هەڵدەوەرێنێ .

١١ . فریای خاوەنەكەی دەكەوێ لەكاتی ناخۆشیدا .

١٢ . هۆكاری دابەزینی ئارامی و ڕەحمەت و بەسەركردنەوەیە لەلایەن فریشتەكانەوە .

١٣ . لەناڕەحەتییەكانی ڕۆژی دوایی دەتپارێزێت .

١٤ . دڵ و لەش بەهێز دەكات و خۆراكی دڵ و گیانە .

١٥ . هۆكاری خۆشەویستی بەندەیە لای خوای گەورەو مایەی چاودێری و ناسین و نزیك بوونەوە و گەڕانەوەیەتی بۆلای پەروەردگاری .

١٦ . نەمام و درەختی بەهەشتە .

١٧ . ئاسانترین پەرستشە و لەگەڵ ئەوەشدا هاوتایە لەگەڵ ڕزگاركردنی بەندە و ، پاداشتێكی یەكجار زۆری هەیە .

١٨ . زیكر سەرچاوەی سوپاسگوزارییە و ئەوەی یادی خوا نەكات سوپاسگوزار نیە .

١٩ . مایەی نزیكی لەقیامەتە و دوور كەوتنەوە لەدونیا ویستییە .

٢٠ . هۆكاری بەدەست هێنانی سەڵاواتی خوای پەروەردگارە و فریشتەكانییەتی .

٢١ . بەندە لەشەڕ و بەڵای سەربازەكانی شەیتان دەپارێزێت .

٢٢ . لەسیحر و جادوو دەتپارێزێ .

٢٣ . لە حەسوودی و چاوپیسی بە دوورت دەگرێت .

٢٤ . زمانت دەپارێزێ لەدووزبانی و فیتنەیی .

٢٥ . پلەت بەرز دەكاتەوە لەبەهەشتدا .

## لەكۆتایی دا

١ . هەموو ئەم زیكرانە سوننەتن نەك فەرز .

٢ . بەدەست نوێژەوە بیڵێی یان بەبێ دەست نوێژ هەر دروستە ، بەڵام بە دەستنوێژەوە سوننەت و باشترە .

٣ . كاتی زیكری بەیانیان لەدوای نوێژی بەیانییەوە تاكو كاتی خۆرهەڵاتنە .

٤ . كاتی زیكری ئێواران لەدوای نوێژی عەسرەوە تاكو مەغریبە .

٥ . ئەم زیكرانە بەتاك دەخوێنرێت و بێ دەنگ بەرزكردنەوە ، بەكۆمەڵ وتن و دەنگ بەرزكردنەوە فەرموودەی لەسەر نەهاتووە و بەڕای زانایان كارێكی خراپ و بیدعەیە .

٦ . كاتێك ئەم زیكرانە دەخوێنیت دەبێت زمان و دڵیشت بەشدار بێت نابێت تەنها بەدڵ بیخوێنیت یان تەنها بەزمان .

### بە پشتیوانی خوای پەروەردگار كۆتایی پێهات

وأخر دعوانا أن الحمد لله رب العالمين

والصلاة والسلام على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه وسلم أجمعين

## سەرچاوەكان


١ . ( رياض الصالحين ) ( إمام النووي ) .

٢ ـ ( سبحانك اللهم ) ( جميل إبراهيم ) وەرگێڕانی ( ڕزگار كريم ) .

٣ . ( حصن المسلم من أذكار الكتاب والسنة ) ( د.سعيد بن علي بن وهف القحطاني ) .

٤ . ( هەندێك لە تەفسیرە كوردیەكان ) .

٥ . ( **قەڵای موسوڵمان** ) كۆكردنەوەو ئامادەكردن و وەرگێڕانی ( حەمزە بەرزنجی ) .

٦ . ( یادی پەروەردگار ) ( بڵاوكراوەكانی ناوەندی ئارا ) .

٧ . نووسینەكانی ( م.عبدالكريم ) لەسایتی ( بەهەشت ) . www.ba8.org ... لەگەڵ چەندین سەرچاوەی تری ئینتەرنێتی دا .


====================


ماڵپەڕی بەهەشت

www.ba8.org

لە دوعای خێر بێ بەشمان مەكەن